## لە شوفێرێکی تەکسی بۆ فەرمانبەر لە باڵوێزخانەی عیراق ... سۆران گەرمیانی

هەفتەیێک لەمەوبەر هاورێکی خۆشەویستم پەیوەندێکی تەلەفۆنی لەگەڵ کردم و شتێکی سەیری بۆ گێرامەوە، بۆیە خۆم بۆ نەگیراو بریارم دا ئەم بابەتە دەربارەی بنووسم. ئەو هاورێیە باسی لەوە کرد کە گوایە کورێک هەیە لە وڵاتی سوید و شارەکەیان بە ناوی (س.ب) کە برایێکی هەیە بەناوی (س) ی خاوەن (کۆمپانیای تەکسی) وە ئەم خاوەن کۆمپانیایە تاکو 2 ملیۆن کرۆنی سویدی فێڵی کردووە لە دەوڵەتی سویدی. برای ئەم خاوەن کۆمپانیایە کە ناوی (س) ە کاری تەکسی دەکرد، بەڵام ئیستا کراوە بە فەرمانبەر لە باڵوێزخانەی عیراق لە فنلەندا.

دەڵێن ئەم برادەرە فەرمانبەرەی باڵوێزخانەیە، تاکو هاتنەدەرەوەی بۆ وڵاتی سوید، قەت رۆژێ لە رۆژان نە خۆی بە کۆرد زانیوە، قەتیش رۆژێ لە رۆژان خۆی تێکەڵ بە کێشەی کوردیش نەکردووەو خەمی میلەتەکەی نەخواردووە، یان بەشداری لە هیچ چالاکێکی کوردی نەکردووە. شەورۆژ لەگەڵ عەرەب هەڵساوەو دانیشتووە. بەهۆی باوکی ژنە کۆنەکەی کە عەرەب بووە، کاتی پێش هاتنە دەرەوەی بۆ وڵاتی سوید کاری سیخۆری کردووە بۆ رژێمی بەعس، پاشان خۆی و ژنەکەی هاتوون بۆ هەندەران.

ئەوەی ئەم کەسەی کردووە بە فەرمانبەر لە باڵوێزخانەی عیراق لە فنلەندا خزمێکێتی کە پلەوپایەێکی بەرزی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە. بەهۆی ئەو خزمەوەی ئەم کارەی دەستکەوتووە. ئەگەر ئەم کەسە بە توانای خۆی و شارەزای، یان کابرایێکی میلەت پەرست و خاوەن قوربانی بووایە، کەس مافی نەبوو بە خراپە باس لەو دەسکەوتەی بکات، بەڵام چوونکە لەسەر خوێنی هەزارەها قوربانی ئەنفال کراوەکانی بارزانی و ناوچەکانی تر ئەم کارەی دەستکەوتووە، بۆیە جێ شەرمە کارێکی لەو جۆرەی بدرێتێ.
ئایا لەناو ئەو هەموو خەڵکە دڵسۆزەی پارتی دیموکراتی کوردستان، یان ئەو خەڵکە بەتووانایەی کوردی سوید کەسێک دەستناکەوێ بکرێ بە فەرمانبەر لە باڵوێزخانەی عیراق و نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات، یان لایەنە کوردێکانی ئێمەش وەک رژێمی بەعس تەنها خەڵکی بە هۆی خزم ە خزمایەتی دائەمەزرێنن. باشە بۆ دەبێ کەسێک تەنها لەبەر ئەوەی خزمێک یان کەسێکی نزیکی لەناو پارتە سیاسێکان هەبێت پلەوپایەی لەم لاو لەولا بدرێتێ، خەڵکانی خاوەن پرنسیپ و خەبات بکرێن بە قوربانی ئەوان.
ئایا کارێکی لەو جۆرە چۆن میلات لە پارتە سیاسێکان دوورناخاتەوە، بۆشایێکی گەورە لە نێوان میلەت و پارتە کوردێکان درووست ناکات. بۆچی دەبێ کەسێکی وەک ئەم فەرمانبەرە تازەیە، کە نەک رۆژێ لە رۆژان ئاورێکی لە میلەتی کورد نەداوەتەوە، بەڵکو خۆشی بە کورد نەزانیووە کارێکی لەوجۆرەی بدرێتی، لەهەمان کات سەدەها کەسی خاوەن هەڵوێست و خەبات کە ژیانی خۆیان و کەس وکاریان خسبووە ژێر مەترسی و کوشتن و برین کە لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کارو خەباتیان کردووە، بکرێن بە قوربانی کاری گەندەڵی.
ئایا کێن ئەوانەی کە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەم جۆرە کارانە، پارتەکە خۆی، یان ئەوانەی کە پلەوپایەیان هەیە لەناو پارتە کوردستانێکان و هەموو خەڵکی دەکەن بە قوربانی

بەرژەوەندیەکانی خۆیان، میلەتیش دەخەنە سەنگەری دژایەتی کردنی لایەنە کوردستانیێکان. باشە خەڵکی کورد ئەو هەموو ئەنفال و قوربانیانەی لە پیناوی رۆژێکی لەم جۆرەدا کە کەسانێک بێنە پێشەوەو پلەوپایەیان دەستکەوێت لەسەر شانی خوێنی هەزارەها

شە هیدی نەتەوەکەمان. بۆچی دەبێ ئەو کەسانەی پلەوپایەیان لەناو پارت سیاسێکانی کوردستان هەیە تەنها بیر لە کەس و کاری خۆیان بدەنەوەو ئەو هەموو خەڵکە خاوەن هەڵوێست و خەباتە بکەنە قوربانی کارهی گەندەڵیان.

دەبێ ئەوانەی ناوی پارتە کوردستانێکان و هەزارەها قوربانێکانی ئەنفال و خەباتی دەیها ساڵ بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کەس و کاریان لەهەموو جێ ریسووابکرێن، بێ هیچ ئاوردانەوەیێک لە پلەوپایەیان، چوونکە ئوەجۆرە کەسانە ڤایرۆسێکن پێش هەموو کەس پارتەکە و لاەەنە سیاسێکە دەکەنە قوربانی بەرژەوەندی خۆیان، میلەت و پرنسیپیش دووای هەموو شتێکە لەلایان.

سۆران گەرمیانی/ هۆڵەندا
soran. garmiyani@gmail. com